Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-10

# شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ پەیوەندی شوێنیی نێوان بنەما سروشتییەكان و شوێنەوارە مێژووییەكانی ئیدارەی گەرمیان
## (لێكۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)

هێمن نصرالدین محمد امین[1] ,جەزا تۆفیق تاڵب[2]
ئاكۆ حمید مەلا قادر[3] , هیوار انور محمد[4]

1- بەشی جوگرافیا/ كۆلێجی پەروەردە/ زانكۆی گەرمیان /هەرێمی كوردستان – عێراق
2-بەشی جوگرافیا/ كۆلێجی ز. مرۆڤایەتییەكان/ زانكۆی سلێمانی/هەرێمی كوردستان – عێراق
3- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان /هەرێمی كوردستان – عێراق
4-بەشی جوگرافیا/ كۆلێجی پەروەردە/ زانكۆی گەرمیان/هەرێمی كوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

كلیلە وشـــەكـان: بنەمـای سروشـــتی، شـــوێنەواری مێژوویی، گەشـــتوگوزار، ئیدارەی گەرمیان.

**Corresponding Author**

hemin.nasraldin@garmian.edu.krd
jaza.talib@univsul.edu.iq
akohameed89@gmail.com
hiwa.anwar@garmian.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لەبواری جوگرافیای گەشـتوگوزاردا كراوە، و تێیدا پەیوەندی شـوێنی نێوان بەشـێك لە بنەما سروشـــتییەكان و شـــوێنەوارە مێژوویەكان لە ئیدارەی گەرمیاندا خراوەتەڕوو. ئیدارەی گەرمیان دەكەوێتە باشـوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی كوردسـتان، لە ناوچەی نیمچە شـاخاوی، لەباكوریەوە لەگەڵ پارێزگای ســـلێمانی و لە باكوری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە و لەباكوری ڕۆژئاواوە لەگەڵ پارێزگای كەركوك و لەڕۆژئاواشـــەوە لەگەڵ پارێزگای ســـەڵاحەدیندا هاوســـنورە، هەروەها لەباشـــور و باشـوری ڕۆژئاواشـەوە لەگەڵ پارێزگای دیالەدا هاوسـنورە، لەڕۆژهەڵاتیشـەوە بە درێژایی (122,5 كم) ســـنوری نێودەوڵەتی لە پارێزگای كرماشـــانی وڵاتی ئێرانی جیادەكاتەوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی پەیوەندی شـوێنییە لەنێوان هەندێك لە بنەما سروشـتییەكان و شـوێنەوارە مێژووییەكانی ئیدارەی گەرمیانە بۆ چالاكیی گەشـــتوگوزاری، لەگەڵ چۆنێتی وەبەرهێنان و پەرەپێدانیان، لەپێناو ڕاكێشانی ژمارەیەكی زیاتر لە گەشتیاران بۆ ناوچەكە، بەتایبەت گەشتیارانی ناوەڕاست و باشوری عێراق. لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەكەی توێژینەوەكە گەیشت بە كۆمەڵێك ئەنجام، گرنگترینیان ئەوەیە كە شوێنی جوگرافی ئیدارەی گەرمیان بایەخێكی گەشـــتوگوزاریی گرنگی هەیە، لەگەڵ دەرامەتی ئاوی ســـەر زەوی پەیوەندییەكی بەهێزیان لەگەڵ شـــوێنەوارە مێژووییەكانی ناوچەكەدا هەیە، بەڵام بەرزی و نزمی ڕووی زەوی پەیوەندییەكی مامناوەندی هەیە لەگەڵ شوێنەوارە مێژووییەكانی ناوچەكەدا.

## پێشەکی

بنەما سروشتییەکان و شوێنەوارە مێژوییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەپەرپێدانی گەشتوگوزار و چالاکیی گەشتوگوزارییدا، لەهەندێك شوێندا پێکەوە خزمەت بە گەشتیاران دەکەن، سەبارەت بە بنەما سروشتییەکان هەندێکیان لە هەندێکیتریان گرنگی و تواناییان زیاترە، دەبینین بەرزی و نزمی ڕووی زەوی بایەخێکی گەشتوگوزاریی گەورەی هەیە، جگە لەبوونی دیمەنی جوان و سەرەنجراکێشیان، کاریش دەکەنە سەر بنەما سروشتییەکانی تری وەك ئاووهەوا و جۆراوجۆری و چڕوپڕی ڕووەکی سروشتی و سەرچاوەکانی ئاو، بەمەش ژیانی زیندەگی لەو ناوچانەدا جۆراوجۆر دەبێت ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە شێوەکانی ڕووی زەوی بۆ چالاکیی شاخاوانیی و وەرزشی و سەرکێشی‌ـ بەکاردەهێنرێن، بەگشتی لە ئێستا گرنگی زۆر بە توانستە سروشتییەکان دەدرێت لەبواری وەربەهێنانی گەشتوگوزارییدا، بەمەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە گەشەپێدانی ئابووری وڵات و بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی. هەرچی شوێنەوارە مێژووییەکان هەیە، بەیەکێك لەبنەما گرنگەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت، لەهەندێك لەوڵاتان بووەتە لایەنێکی گرنگی گەشتوگوزارە و سەرەچایەکی باشی داهاتە، هەرچەندە ئەم شوێنەوار و جێگایانە دێرین و ناسرا وکۆن بێت، توانای ڕاکێشانی گەشتیاری زیاتر دەبێت، و هەندێك لەو شوێنەوارە مێژوویی و ئاینییانە لەسەرانسەری جیهانەوە ڕووی تێدەکەن، بەتایبەت ئەوانەی گرنگی دەدەن بەلایەنی کەلتوری بەمەبەستی دەستکەوتنی شارەزایی لەسەر شارستانی گەلان.

## کێشەی توێژینەوەکە

پەیوەندی شوێنی بەهێز هەیە لەنێوان هەندێك لە بنەما سروشتییەکان و شوێنەوارە مێژووییەکانی ئیدارەی گەرمیان، بەڵام تاکو ئێستا نەتوانراوە بەشێوەیەکی زانستی سودیان لێوەر بگیرێت و وەبەربهێنرێن بۆ کەرکی گەشتوگوزار، ئەمە سەرەکیترین کێشەی توێژینەوەکەیە، و دەکرێت بەچەند پرسیارێك کێشەکانی تر بخرێتەڕوو، بەم شێوەیە:

1 ) کام لە بنەما سروشتییەکان دیارترین توانستی سروشتی گەشتوگوزارین لە ناوچەکەدا ؟

2 ) پەیوەندی شوێنی لەنێوان کام لە بنەما سروشتی و شوێنەوارە مێژووییەکان هەیە ؟

## گریمانی توێژینەوەکە

وەک وەڵامدانەوەیەکی سەرەتایی بۆ کێشەی توێژینەوەکە، گریمانی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێت.

1 ) دەرامەتی ئاوی سەر زەوی دیارترین توانستی سروشتی گەشتوگوزارین لە ناوچەکەدا.

2 ) پەیوەندی شوێنی بەهێز هەیە لەنێوان هەریەکە لە شوێنی و جوگرافی و بەرزی و نزمی و ئاوی سەرزەوی لەگەڵ شوێنەوارە مێژووییەکاندا.


## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی پەیوەندی شوێنییە لەنێوان هەندێك لە بنەما سروشتییەکان و شوێنەوارە مێژووییەکانی ئیدارەی گەرمیانە بۆ چالاکیی گەشتوگوزاری، لەگەڵ چۆنێتی وەبەرهێنان و پەرەپێدانیان، لەپێناو ڕاکێشانی ژمارەیەکی زیاتر لە گەشتیاران بۆ ناوچەکە، بەتایبەت گەشتیارانی ناوەڕاست و باشوری عێراق.

## سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە

ئیدارەی گەرمیان دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەناوچەی نیمچە شاخاوی، لەباکوریەوە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی و لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجە و لەباکوری ڕۆژئاوا لەگەڵ پارێزگای کەرکوك و لەرۆژئاواشەوە لەگەڵ پارێزگای سەلاحەدیندا هاوسنورە، هەروەها لەباشور و باشوری ڕۆژئاواشەوە لەگەڵ پارێزگای دیالەدا هاوسنورە، لەڕۆژهەڵاتیشەوە بە درێژایی (122,5 کم) سنوری نێودەوڵەتی لە پارێزگای کرماشانی وڵاتی ئێرانی جیادەکاتەوە، نەخشەی (1)، ڕووبەری گشتی ئیدارەی گەرمیان دەکاتە (٦٠١٧,٩٥ کم2)، ئیدارەی گەرمیان لە هەردوو قەزای کەلار و کفری هەردوو ناحیەی مەیدان و قۆرەتووی سەربە قەزای خانەقین پێکدێت، لەڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمییەوە دەکەوێتە نێوان دووبازنەی پانی (25= 26− 34° - 05= 10− 35°)ی باکوور، و نێوان دووهێڵی درێژی (10= 29− 44° - 15= 48− 45°)ی ڕۆژهەڵات.

نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی ئیدارەی گەرمیان بەگوێرەی هەرێمی کوردستان




سەرچاوە/ کاری توێژەران بە بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بەپشت بەستن بە:

1 ) هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، 2009، ل81.


2 ) ئیدارەی گەرمیان، نەخشەی نشینگەکانی ئیدارەی گەرمیان، بەشی هونەری، 2018.

## لەبەررۆشنایی ئامانجەکەی توێژینەوەکە بۆ دوو باسی سەرەکی دابەشکراوە، ئەوانیش بەم شێوەیە:

## باسی یەکەم/ ناساندنی دیارترین شوێنەوارە مێژووییەکانی ئیدارەی گەرمیان

شوێنەوارە دێرین و مێژووییەکان کاریگەری زۆری لەسەر پێشکەوتنی گەشتوگوزار و ڕاکێشان و جوڵەی گەشتیاری، کە لە ڕێگەیانەوە مێژوو و شارستانی کۆنی میللەتان و شێوزی ژیان و ئاستی ڕۆشنبیری و کلتور و داب و نەریتیان دەناسرێتەوە، شوێنەواری مێژوویی لە گرنگترین بنەمای مرۆیی گەشتوگوزارین، کە دەبنەهۆی ڕاکێشانی گەشتیار و دەستخستنی داهات بۆ ئەو ناوچەیە، لەلایەکی ترەوە کلتوری وڵاتان هۆکارێکی تری ڕاکێشانی گەشتیارانە(Gearing, C.&Swart, W. 1976. P 98). سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵێك شوێنەواری مێژوویی تێدایە، کە بە زۆری دەکەونە قەزای کەلار و ناوەندی قەزای کفرییەوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (2) ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لەڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

نەخشەی (2) دابەشبوونی جوگرافی شوێنەوارە مێژووییەکانی ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە/ کاری توێژەران لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشت بەستن بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان.

## 1 ) قەڵای شێروانە

دیارترین و ناسراوترین شوێنەواری مێژووییە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، کە دەکەوێتە سنوری شارەوانی شاری کەلارەوە لەباشوری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەپێی زۆرێك لەسەرچاوە و بۆچوونە مێژوییەکان قەڵاکە لەسەردەمی (موحەمەد پاشای کەیخەسرەو بەگی جاف) ساڵی (1866 – 1874) دروستکراوە، ئەم قەڵایە پێکهاتووە لە ژێر زەمینێك و دوو نهۆم و ژوورێکی هەشتلا، ئەم پاشایە قەڵاکەی بۆجێی حەوانەوەی خۆی وەك بنکەیەکی ئیداری بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری عەشیرەتەکەی بەکارهێناوە، قەڵاکە لەسەر دوو گرد دروستکراوە، گردی یەکەم گردێکی شوێنەواری کۆنە و بەپێی ئەو پشکنینەی بۆی کراوە چەند شارستانییەکی تێدا دۆزراوەتەوە، لەوانە چاخی ئیسلامی (عەباسی و ئەمەوی)، هەروەها شارستانی ساسانی و کاشی، هەروەها کۆمەڵێك کەرەستەی وەك بەردی گرکانی و ئۆبسیدی تێدا دەرکەوتووە کەمێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردین، گردی دووەمیش ڕاستەخۆ قەڵاکەی لەسەر بونیادنراوە، بەشێوەیەکی گشتی قەڵاکە (12,30)م بەرزە و چوار تاوەری حەوت پاڵویی بۆکراوە کە گۆشەکانی بیناکەی تەواو کردووە، ناوەوەی قەڵاکە کۆمەڵێك ژوورو دیوەخان و ڕێڕە و ئاگردانی تێدایە کە بەشێوەیەکی تەواو ئەندازەیی ڕێکخراوە، هەروەها کۆمەڵێك نەخش و نیگاری تێدایە بەشێوەی بارز لەسەر ماددەی گەچ نەخشێنراوە، زەخرەفەکانیشی۔ بریتین لە شێوەی ڕووەکی و ئەندازەیی و ئاژەڵی، هەروەها (مقرنصات)یش لەیەکێك لەژوورەکانی نهۆمی دووەم دەبینرێت، قەڵای شێروانە بەهۆی بڵندی شوێنەکەی و شێوازی بیناسازییە تایبەتەکەی و ڕوانینی بەسەر ڕووباری سیرواندا بووەتە شوێنێکی گەشتوگوزاری گرنگ(حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2015)، قەڵای شێروانە یەکێکە لەشوێنەوارە جوان و سەرنجڕاکێشەکان نەك لەسەر ئاستی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق ناسراوە و گەشتیاران سەردانی دەکەن، هەروەها زۆرێك لە ئاهەنگ و بۆنە نیشتمانییەکان لەسەر قەڵای شێروانە ئەنجام دەدرێت، بڕوانە وێنەی ژمارە (1)، جگە لە کۆمەڵێك ئاهەنگ و بۆنەی خێزانی ڕۆژانی ئاسایی خەڵکی بەمەبەستی کات بەسەربردن سەردانی دەکەن.

وێنەی (1) قەڵای شێروانە لە ناوەندی ئیدارەی گەرمیان



وێنەکە وەرگیراوە

## 2 ) قوولەی بەرلووت

ئەم قولەیە دەکەوێتە دوری (6)کم لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار نزیك گوندی بەرلوت، کە دەڕوانێتە سەر ڕووباری سیروان، یەکێکە لە قولەکانی سەردەمی عوسمانی بۆ مەبەستی پاسەوانی بەکارهێنراوە، لەبەر ئەوەی شوێنەکەی دەڕوانێتە سەر ڕووباری سیروان و نزیك ناوچەی نیشـــتەجێبوونی زۆرە، ئەم شـــوێنەوارە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شـــوێنەواری گەرمیانەوە نۆژەنکراوەتەوە، کۆمەڵێك خزمەتگوزاری بۆ کراوە، خەڵکی بەرێژەیەکی دیار سەردانی دەکەن، بڕوانە وێنەی ژمارە (2).

وێنەی (2) قوولەی بەرلووت



وێنەکە وەرگیراوە.

## 3 ) قوولەی گوندی ئەحمەد قادر

ئەم قولەیە دەکەوێتە دوری (32)کم لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار، دەڕوانێتە سەر ڕووباری سیروان، لەسەر بنەمای ئەو تایبەتمەندییە سەربازییانەی لەقولەکەدا هەیە، پێدەچێت وەك یەکەیەکی کارگێڕی بەکارهاتبێت، مێژووی دروستکردنی ئەم قولەیە ڕوون نییە، بەڵام پێدەچێت لەکۆتایی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان دروستکرابێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم قولەیە پێکهاتووە لە دوو نهۆم، یەك دەرگای سەرەکییان هەیە لەنهۆمی یەکەمدا نزیکەی (10) کونەمەترێزی تێدایە و لەگەڵ ئاگردانێکی گەورە و دوو ژووری بچووك، بەرزی قولەکە (2,8م)ە و بنکەکەی بازنەییە و چێوەکەی (20,10م)، سەقفی نهۆمەکانی بەشێوەی عەگادە دروستکراوە کەچینی دار بەشێوە ئاسۆیی بۆ ڕاخراوە، پاشان بە بەردی خڕ و ماددەی قسڵ تەواوکراوە(حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2015). بڕوانە وێنەی ژمارە (3).

وێنەی (3) قوولەی گوندی ئەحمەد قادر



وێنەکە وەرگیراوە

## 4 ) باجگەی پەیکوڵی

ئەم قولەیە دەکەوێتە نێوان گوندی پەیکوڵی و بەرکەل، نزیکەی (60)کم لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلارەوە دورە، بەشێوەیەکی بازنەیی دوو نهۆمی لەبەردی داتاشراو و گەچ دروستکراوە، ئەم باجگەیە لە کۆتاییەکانی حکومڕانی عوسمانییەکاندا دروستکراوە، وەك شوێنێك بۆ وەرگرتنی باج لەو کاروان و خێڵانەی بەناوچەی پەیکۆڵیدا تێپەڕبوون، هەروەها بۆ چاودێریکردنی سەلامەتی قافڵە بازرگانییەکان بووە، هەروەها وەك بنکەیەکی ئێشکگری پاسەوان بەکارهێنراوە(حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2015). بڕوانە وێنەی ژمارە (4).

وێنەی (4) باجگەی پەیکوڵی لەباکوری ناوچەی لێکۆڵینەوە



وێنەکە لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە.

## 5 ) کۆشکی مەحمود پاشای جاف

ئەم کۆشکە دەکەوێتە گوندی تازەدێ بەدوری (9)کم لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار، ئەم شوێنەوارە کۆشکێکی دوو نهۆمییە بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی تێیدایە زیاتر لە کاروان سەرایەك دەچێت، بەڵام بیناکە بە قەڵای پاشا ناوبانگی دەرکردووە، کۆشکەکە لەلایەن مەحمود پاشای جافەوە دروستکراوە، و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیە، جگە لەبینا سەرەکییەکەی کۆشك لای ڕۆژهەڵاتەوە بینایەکی تری لاکێشەیی هەیە، کە پێدەچێت تەرخانکرابێت وەك تەویلەیەك بۆ ئەسپ و ئاژەڵی باربەر، لای ڕۆژئاواشەوە بینایەکی تری بچووك هەیە کە پێکهاتووە لەژووری دیوەخانێك بەسەر بەرزاییەکانەوە دروستکراوە، پێدەچێت وەك وێستگەیەکی پێشوازی بۆ کۆشکەکە بەکارهێنرابێت (حکومەتی هەرێمی کوردستان، 2015) بڕوانە وێنەی ژمارە (5).

وێنەی (5) کۆشکی مەحمود پاشای جاف لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار



وێنەکە وەرگیراوە.

## 6 ) جۆگەی گاوری

ئەم جۆگەیە لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلارەوە دەستپێدەکات و بەچەند قۆناغێك ناوەندی شارەکە دەبڕێت، بەئاراستەی باشور درێژ دەبێتەوە مێژووی ئەم جۆگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان، بەڵام نازانرێت لەسەردەمی چ پاشایەکدا دروستکراوە، ئەگەرچی هەندێك بۆچوون هەیە دەڵێت لەسەردەمی حوکمڕانی کیسرا ئەنوشیروان یان لەسەردەمی پەروێز دروستکراوە، جۆگەی گاوری بەپێی بەرزی و نزمی ناوچەکە دروستکراوە بەشێوەیەك لەو زەوییانەی کە بەرزن زیاتر هەڵکەندراوە و لەو زەوییانەی کە نزمن بەشێوەی تونێلی سەرکەوانەیی (وەك کارێز) دروستکراوە، بڕوانە وێنەی (6)، کە لەبەردی داتاشراوی ڕێك دیوارەکانی لەبنکەوە بۆ سەقف تەواوکراون، بەشی سەرەوەیان بەشێوەی دیوارێکی نوك تیژ کۆتایی هاتووە، شایەنی باسە لەکاتی نۆژەنکردنەوەی جۆگەکە چەند هێمایەکی پەهلەوی تێدا دۆزراوەتەوە.

وێنەی (6) جۆگەی گاوری لەشاری کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان





وێنەکان وەرگیراوە.

## 7 ) هەڵکۆڵراوی دەربەند بێلوولە

ئەم هەڵکۆڵراوە دەکەوێتە لاپاڵی چیای بەمۆ لە دەربەندی بێلوولە لە بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی ئیدارەی گەرمیان، بەرزی ئەم هەڵکۆڵراوە نزیکەی (90)سم دەبێت، کە بریتییە لە کەسێکی جەنگاوەر کە پێی حستۆتە سەر یەکێك لەوانەی کە ڕووبەڕووی بوونەتەوە، لەپشتەی ئەو کەسێکی تر وەستاوە داوای لێدەکات کە لێی ببورێت بڕوانە وێنەی ژمارە (7)، لە ناو ئەم هەڵکۆڵراوەدا نووسینی بسماری ناڕوون هەیە، کە بۆچوونی جیاواز لەسەر نووسەکە کراوە، کە تێیدا ناوی پاشا (تاردونی) دەرکەوتووە، سەبارەت بە مێژووی ئەم هەڵکۆڵراوە بۆچوونی جیاوازی لەسەرە، هەندێك مێژووەکەی بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایینی و هەندێکی تر بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زایینی دەیبەنەوە، بەشێك لە گەشتیاران ئارەزووی بینینی ئەم هەڵکۆڵراوە دەکەن کە بەشێوەیەکی جوان هەڵکۆڵراوە، ئەمە جگە لەوەی کەتووەتەو ناوچەی شاخاوی کەشتوکوزاری (خالد ولی علی، 2015، ص135).

وێنەی (7) هەڵکۆڵراوی دەربەند بێلوولە



وێنەکە وەرگیراوە

## 8 ) خانووە شوێنەوارییەکانی حەوش کورۆ

ناوی حەوش کورو لە حەوشی کورِوەکانەوە هاتووە واتە (جێگای جیاکردنەوەی بێچووە ماین )، ئەم شـــوێنەوارە یەکێکە لە شـــوێنەوارەکانی دەڤەری گەرمیان لە گوندی حەوش کورِو سەربە ناحیەی( قۆرەتوو- خانەقین) ، دەکوێتە باشوری خۆرئاوایی شاری کەلارەوە بەدوری ٢٦کم، لەدوو نهۆم پێک هاتووە و بە سێ بەردی چین لەسەرچین و دەیانی ژووری لێ دروستکراوە بڕوانە وێنەی ژمارە (8)، کە دەوترێت هەنێک لەو ژورانە ژووری زیندانی بووە، هەنێک دەڵێن 3 نهۆم بوە بەڵام ئێستا تەنها ئاسـاری دوو نهۆم بەدیار کەوتوەتەوە ، مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ساسانیەکان ( ٦٢٨ز - ٩٥٠ز ) ، هەندێکی تر دەڵێن دەگەرِێتەو بۆ سەردەمی سەفەوییەکان.

وێنەی (8) خانووە شوێنەوارییەکانی حەوش کورِو



وێنەکە وەرگیراوە

## 9 ) کۆشك و قەیسەرێ و خانووە شوێنەوارییەکانی کفری

شـاری کفری وەك شـارێکی کۆنی هەرێمی کوردسـتان ژمارەیەکی زۆر شـوێنەواری کۆن و مێژوویی تێدایە، گرنگترینیان بریتین لە قەیسـەرێی کۆنی کفری و سـەرا و گەرماوی پاشـا و بینا شـوێنەوارییەکان و کۆشـکی مەجید پاشـا و ئارامگای باوەشـاسـوار و ئاسـیاوی قازی و ئەشـکەوتی گۆڕدخمەکان بڕوانە وێنەکانی ژمارە (9)، ئەم شـوێنەوار دێرینیانە وایان کردووە کە ژمارەیەکی زۆر گەشـتیارانی ناوچەکە و دەوروبەر سـەردانی شاری کفری بکەن و لەمێژووی دێرینی ئەو شوێنەوارانە تێبگەن.

وێنەکانی (9) شوێنەوارەکانی شاری کفری




لای ڕاستی سەرەوە وێنەی ژمارە 1) قەیسەرێی کۆنی کفری 2 ) سەرای کفری 3 ) گەرماوی پاشا 4 ) خانووە کۆناکان 5 ) کۆشکی مەجید پاشا 6 ) ئارامگای باوەشاسوار 7 ) ئاسیاوی قازی 8 ) گۆڕدخمەکان. بەشێك لەوێنەکان وەرگیراوە و بەشێکی لەلایەن توێژەرانەوە وەرگیراوە.

## باسی دووەم/ ئەو بنەما سروشتییانەی پەیوەندی شوێنییان بە شوێنەوارە مێژووییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەوە هەیە

لێرەدا تەنها ئەو بنەما سروشتییانەی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەخرێتەڕوو، کە پەیوەندی شوێنییان بە شوێنەوارە مێژووییەکانەوە هەیە، لەگەڵ خستنەڕووی چۆنێتی پەیوەندی نێوانیان، گرنگترین ئەو بنەما سروشتییانەش ئەمانەن:

### یەکەم/ شوێنی جوگرافی

شوێنی جوگرافی فاکتەرێکی گرنگە لە داواکاری گەشتوگوزاریدا، بەجۆرێك شوێنە گەشتوگوزارییە نزیکەکان چ سروشتی یان مرۆیی بێت خەڵکی دەتوانێت بە ئاسانی و بە تێچوونێکی کەم و بەچەندین ڕێگای جۆراوجۆری گواستنەوە پێیان بگات، ئەوکاتە زۆرترین داواکاری و ئارەزووی لەسەر ئەو ناوچەیە دەبێت، هەروەها ئەگەر هاتوو ئەو پێگە گەشتوگوزارییانە لەنزیك مەڵبەندەکانی پیشەسازی و ناوچە چڕەکانی دانیشتووان بن، کە ئاستێکی بەرزی بژێوییان هەبێت، ئەوا ئەو شوێنە جوگرافییە یارمەتی ڕاکێشانی گەشتیاران لەدەرەوەی سنورەوە دەدات(رشید، 2011، ل36-37.). یان ئەگەر شوێنە گەشتوگوزارییەکان لە مەڵبەندەکانی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی گەشتیارەوە نزیك بێت، بەواتایەك گەشتیار بتوانێت بە ئاسانترین شێوە و بە بەکارهێنانی زۆرترین جۆری ئامرازەکانی گواستنەوە بگاتە ناوچە گەشتوگوزارییەکان، و لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتووانی ئەو ناوچەیە ئاستی بژێوی و داهات و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان بەرز بێت، ئەوکاتە ناوچە گەشتوگوزارییەکان زۆرترین خواستیان لەسەر دەبێت(مستەفا، 2016، ل15.). جیاواز لەشوێنی جوگرافی، شوێنی ئەسترۆنۆمی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی تایبەتمەندێتی بەشێك لە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەهەر ناوچە و هەرێمێکدا بێت، ئەمەش لەسەر بازنەکانی پانی ناوچەکە بەندە، واتا هەریەکێك لەڕەگەزەکانی ئاووهەوا بەپێی خۆی جۆرەکانی ڕووەك و پاشان جۆری ئەو ئاژەڵانەی لەناوچەکەدا دەژین دیاریدەکات، ئەمانەش توانستێکی گەورەی گەشتوگوزاین(محمد، 2015، ل14.).

سەبارەت بە شوێنی جوگرافی ئیدارەی گەرمیان، وەك پێشتر ئاماژەی بۆکراوە. ئیدارەی گەرمیان هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە، ئەم شوێنە جوگرافییەی ئیدارەی گەرمیان وایکردووە ناوچە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بە ناوچەکەدا تێپەڕن، چونکە ئیدارەی گەرمیان بووەتە پردی پێکەوە بەستنی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق لەگەڵ ناوچەکانی باکوری هەرێمی کوردستان، هەروەها لەبەر نزیکی ئیدارەی گەرمیان لە سنوری نێودەوڵەتی (عێراق - ئێران)ەوە، ناوچەکە بووەتە ڕێگای گوزەرکردنی بەشێکی زۆر لە گەشتیارانی وڵاتی ئێران، ئەمەش وایکردووە ناوچەکە تایبەتمەندییەکی تزانێت ئاسا وەربگرێت، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییانەدا کۆمەڵێك پرۆژەی گەشتوگوزاری و سەرخان و ژێرخانی گەشتیاری دروستکراون یان لەجێبەجێکردن و تەواو بووندان. کەواتە گرنگی شوێنە جوگرافییەکەی وایکردووە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاران چ گەشتیارانی وڵاتی ئێران یان ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق پێیدا تێپەڕ ببن، بەمەش لەکاتی تێپەڕبوونی گەشتیاران بە ناوچەکەدا دەتوانن سەردانی بەشێك لە شوێنەوارە مێژووییەکان بکەن، چونکە زۆربەی شوێنەوارەکانی ئیدارەی گەرمیان دەکەونە نزیك ڕێگا سەرەکییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەوە، لەوانە قەڵای شێروانە و قوولەکانی عوسمانی و کۆشکی محمود پاشا و جۆگەی گاوڕ و حەوش کوڕو دەکەونە سەر ئەو ڕێگا سەرەکییەی کە لە بەغدا و بەعقوبە یان لە دەروازە سنورییەکانی پەروێزخان و مونزرییەوە دێن و بە ئیدارەی گەرمیاندا واتا بە ڕێگای کەلار – سلێمانیدا تێپەڕدەبن، یان زۆربەی شوێنەوارەکانی کفری کە دەکەونە شاری کفرییەوە واتا دەکەونە سەر ڕێگای سەرەکی کەلار – کفری – کەرکوکەوە.


### دووەم/ بەرزی و نزمی ڕووی زەوی

بەرزی و نزمی ڕووی زەوی بە یەکێك لە گرنگترین بنەما گەشتوگوزارییەکان دادەنرێت، کە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر گەشەپێدان و ڕاکێشانی گەشتیار هەیە لەهەر ناوچەیەکدا بێت، شێوەکانی ڕووی زەوی و دیاردە بەرزی و نزمییەکان جیاوازن، بۆیە پشت بە ئارەزو و گرنگیدانی گەشتیار دەبەستێت(امین، 1980، ص89.). هەرچەندە شێوەکانی ڕووی زەوی جۆروجۆر بن لەڕووی بەرزی و نزمییەوە ئەوەندە دیمەن و دیاردە سروشتییەکان زیاتر دەبن، بەمەش جموجوڵی گەشتوگوزاریی زیاتر دەبێت، هەروەها هەمە جۆری بەرزی و نزمی و دیاردەکانی ڕووی زەوی، هەمەجۆری ئاووهەوا و ڕووەکی سروشتی و باڵندە و ئاژەڵی کێویشی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش وادەکات کە گەشتیار گەشت بۆ ئەو ناوچانە بکات بەمەبەستی وەرگرتنی چێژ و بینینی دیمەنی سەرەنجراکێش، واتا دیاردەکانی بەرزی و نزمی ڕووی زەوی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکەن سەر بنەماکانی تری گەشتوگوزاریی، وەك کاریگەریی بەرزی و نزمی لەسەر ئاووهەوا و ڕووەکی و سروشتی و باڵندە و ئاژەڵی کێوی(محمد، 2015، ل19).

لەڕووی بەرزی و نزمی ڕووییەوە زەوی ئیدارەی گەرمیان بە گشتی دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاویی هەرێمی کوردستان، سنووری بەشی باکووری لە زنجیرە چیای بەرز و سەخت پێکهاتووە و دەبێتە هێڵی جیاکەرەوەی نێوان ناوچەی شاخاوی و ناوچەی نیمچە شاخاوی، هەتاوەکو بەرەو باشوری ناوچەکە داکشێین ڕووی زەوییەکەی ئاسان دەبێتەوە، هۆکاری ئەوەش بۆ دورکەوتنەوە لەناوەندی پێکدادانی پلێتەکان دەگەڕێتەوە. ڕووی زەوی ئیدارەی گەرمیان بەگشتی لەبەرزی (١٢٨)م لەئاستی ڕووی دەریا لەبەشی باشوورییەوە دەست پێدەکات،

و لەبەرزی (١٨32)م لەچیای بەمۆ لەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵات کۆتایی دێت. لەڕووی یەکەکانی بەرزی و نزمییەوە ناوچەکە بەگشتی بۆ سێ یەکەی بەرزی و نزمی (شاخاویی، بان و گرد، دەشتایی) دابەش دەبێت نەخشەی (3) و خشتەی (1)، ئەوانیش بەم شێوەیە:

نەخشەی (3) یەکەکانی بەرزی و نزمی ڕووی زەوی ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە/ کاری توێژەران لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشت بەستن بەفایلی مۆدێلی بەرزی و نزمی (DEM-12.5m)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

خشتەی (1) ڕووبەر و ڕێژەی سەدی یەکەکانی بەرزی و نزمی ڕووی زەوی ئیدارەی گەرمیان

| یەکەی بەرزی ونزمی | ڕووبەر بە (کم٢) | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| ناوچەی دەشتایی | 3127.44 | 52.02 |
| ناوچەی بان و گرد | 2534.52 | 42.16 |
| ناوچەی شاخاوی | 349.71 | 5.82 |
| **کۆی گشتی** | 6011.67 | 100 |

سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپشت بەستن بە نەخشەی (2).

## 1 ) ناوچەی شاخاوی

ناوچە شاخاوییەکان، یەکێکن لەو ناوچانەی کە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، لە ڕووی گرنگییانەوە بۆ گەشتوگوزار لەدوای گەشتکردن بۆ ناوچە کەناراوییەکان و دوورگەکان بەپلەی دووەم دێن، کە ڕێژەی (15 – 20%)ی گەشتوگوزاریی جیهانی پێکدێنن، و (70 - 90) ملیار دۆلار بەهۆی گەشتوگوزاری ناوچە شاخاوییەکانەوە بەدەستدێت، گەشتیاران کە ڕوو دەکەنە ناوچە شاخاوییەکان بەهۆی ئاووهەوای تەندروست و پاکژی هەوا و شێوە جیاوازەکانی ڕووی زەوی و جوانی سروشتی ناوچە شاخاوییەکان و ژیانی کێوی و کلتوری لۆکاڵی و مێژوو و پاشماوە دێرینەکانی شوێنەکەوەیە، جگە لەمانە هەندێك چالاکی تری گەشتیاری ئەنجامدەدرێت، وەك سەرکەوتن بەسەر شاخدا و خلیسکاندن لەسەر بەفر و ڕۆیشتنی ماوە درێژ، هەروەها شێوازی گواستنەوەی نوێ وایکردووە کە گەیشتن بە ناوچە شاخاوییە دوورە دەستەکان ئاسانتر بێت، و ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران ڕووی تێبکەن(احمد، 2015، ل42).

ناوچەی شـــاخاوی رووبەرێکی کەمی ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە، کە دەکاتە (349,71)کم2 بەرێژەی (5,82%) لەکۆی گشـــتی رووبەری ناوچەکە، لە باکوری ئیدارەی گەرمیان چیای زەردە بە بەرزی (١٨٠١)م لە ئاســـتی رووی دەریاوە دەرکەوتووە، کە درێژ بووەوەی زنجیرەی چیای قەرەداغە، هەروەها لە باکوری رۆژهەڵاتەوە هەریەکە لە چیاکانی (بەمۆ 1832م، زمناکۆ ١٦٠٥م، خوشـــک ١٥٩٨م) کە درێژ بووەی زنجیرە چیای بەرانن، دیارترین لووتکەی بەرزی نـاوچەکەن، جگە لەوانەش کۆمەڵێک لووتکە چیای تر بە بەرزی جیـاواز لەنـاوچەکەدا دەرکەوتوون، وەکو چیاکانی (بەربە ١١٥٢م، داری خلە ١١١٠م)، ئەمە جگە لە چیاکانی (شەرواڵدرە، بزێنان، ڕەزوار، دەرە وشکە، شاکەل) کە بەرزییان لە (١٠٠٠م) کەمترە. ناوچەی شاخاوی ئیدارەی گەرمیان دیمەنێکی جوان و سەرەنجراکێشیان بە ناوچەکە بەخشیوە ئەمە لەلایەك، و لەلایەکی ترەوە ئاووهەوایەکی گونجاویان هەیە بۆ گەشـــتوگوزار، بەتایبەت لەوکاتانەی هەردوو وەرزی بەهار و هاوین کە بەشـــەکانی تری ناوچەکە نا ئارامی گەرمن بۆ حەوانەوەی مرۆڤ، هەروەها ناوچەی شـــاخاوی ناوچەکە ناوەندێکە بۆ چرەپڕی رووەکی سروشـــتی و بوونی چەندین جۆری باڵندە و ئاژەڵی کێوی، ئەمە جگە لەوەی چەندین جۆری چالاکی گەشـــتوگوزاریی لەســـەر ئەنجامدەدرێت، لەوانە چالاکی (شاخەوانیی، سەرکێشی، وەرزشی .. هتد). کەواتە ناوچەی شاخاویی توانایەکی گەورەی هەیە بۆ چالاکیی گەشتوگوزاریی لە ناوچەکەدا.

## 2 ) ناوچەی بان و گرد

ئەم ناوچەیە بەزۆری بەشی ناوەڕاست بۆ سەرەوەی ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە، لە ناوچەی شەپۆلاوی مامناوەند وکەم واتا ناوچەی بان و گرد پێکهـاتووە، رووبەری ئەم نـاوچەیە دەکاتە (2534,52)کم2 بەرێژەی (42,16%) لەکۆی گشـــتی رووبەری نـاوچەی لێکۆڵینەوە. گرد دیارترین ســـیمای ئەم ناوچەیەیە، ئەم ناوچەیە تایبەتمەندە بە جیاوازی زۆر لەرووی بەرزی و نزمییەوە، هەروەها زۆرترین تۆڕی ئاوزێڵی رووبار کەوتۆتە ئەم ناوچەیەوە، کە بریتین لەتۆڕی ئاوزێڵی چەمە وەرزییەکان کە لە دامێنیاندا بەرێژەیەکی بەرچاو کشـــتوکاڵ کراوە، و زۆرجار پشـت بەو ئاوی ژێر زەوییە دەبەسـتێت کە لەسـەرچاوە و کانیاوەکانەوە هەڵدەقووڵێت، هەروەها ناوچەی بان و گرد ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە لەوەڕگا، بۆیە جۆراوجۆرە بە ژیانی وشکانی و سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن. ئەم ناوچەیە سەرەنجی هەندێك لەو گەشتیارانەی ڕاکێشـاوە، کە ئارەزووی گەشـتی سـەرکێشی۔ دەکەن بە ئۆتۆمبێل، بەهۆی جیاوازی زۆر لەبەرزی و نزمیی رووی زەویی ناوچەکەوە، هەروەها بەهۆی بوونی ژمارەیەك لەکانی سروشـتییەوە دیمەنێکی لەباری گەشـتوگوزاری بەناوچەکە بەخشـیوە(علي، 2014، ص51.). ناوچەی بان و گرد بە زۆری لەهەردوو وەرزی مامناوەندا (بەهار و پاییز) دانیشـتووانی ناوچەکە بەمەبەسـتی سـەیران وکات بەسـەربردن ڕووی تێدەکەن، کەواتە توانایەکی مامناوەندی بۆ گەشتوگوزار هەیە.

## 3 ) ناوچەی دەشتایی

دەشـتەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە ڕاکێشـانی گەشـتیاران بەهۆی بوونی ڕێگاوبان و ئاسـانی هاتووچۆ تێیاندا، هەروەها نزیکی لە مەڵبەندەکانی نیشـتەجێبوونەوە، دەشـتەکان لەکۆنەوە شـوێنی نیشـتەجێبوونی شـارسـتانییەتەکان بوونە، ئەمەش وایکردووە زۆربەی پاشـماوە دێرینەکان و شوێنە ئایینییەکان هەرلە دەشتەکاندابن و ببنە مایەی سەرەنجراکیشانی گەشتیاران(قادر، 2024، ل27.).

ناوچەی دەشتایی زۆرترین رووبەری ئیدارەی گەرمیانی داگیرکردووە، رووبەرەکەی دەکاتە (3127,44)کم2 بەرێژەی (52,02%) لەکۆی گشتی رووبەری ناوچەکە، بەزۆری بەشی ناوەڕاســـت بۆ خواررووی ئیدارەی گەرمیان دەگرێتەوە، دیاترین دەشـــتەکانی ناوچەکە بریتین لە دەشـــتی (شێروانە یان کەلار، شاکەل، بنکورە، باجەلان). ناوچەی دەشتایی لە ئیدارەی گەرمیان شوێنی کۆبوونەوەی زۆرترین دانیشتووانی ناوچەکە، چونکە هەریەکە لە شاری کەلار وەك ناوەندی قەزای کەلار و ئیدارەی گەرمیان، کە گەورەترین مەڵبەندی کۆبوونەوەی دانیشـتووانە بەهۆی بوونی پیشـــەی جۆراوجۆرەوە بووەتە ناوەندێکی خزمەتگوزاری گەورە لەناوچەکەدا، هەروەها شـــاری کفری و وەك ناوەندی قەزای کفری و ناوەندی ناحیەی ڕزگاری دەکەونە ئەم ناوچەیەوە، ئەمە زیاتر لە (90%)ی دانیشـــتووانی ئیدارەی گەرمیان لەخۆ دەگرن، ئەویش بەهۆی بوونی زەوی فراوان و ئاسانی چالاکییە مرۆییەکان تێیدا، ئەمەش وایکردووە ناوچەکە دەوڵەمەند بێت بە سـەرخان و ژێرخانی گەشـتوگوزاری. بەڵام لە ڕووی توانسـتی سروشـتی ناوچەی دەشـتایی ئیدارەی گەرمیان بۆ چالاکیی گەشـتوگوزاریی، تەنها لەسـەرەتای وەرزی بەهار وکۆتایی وەرزی پاییز دانیشـــتووانی ناوچەکە بۆ ســـەیرات وکات بەســـەربردن روو لەم ناوچەیە دەکەن، کەواتە لەڕووی بەرزی و نزمییەوە ناوچەی دەشتایی ئیدارەی گەرمیان توانستێکی ئەوتۆ گەشتوگوزاریی نییە.

ســـەبارەت بە پەیوەند شـــوێنی نێوان بەرزی و نزمی ڕووی زەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ شـــوێنەواره مێژوویەکاندا، هەریەکە لە باجگەی پەیکوڵی و هەڵکۆڵراوی دەربەندی بێلوولە لە ناوچەی شاخاویدا هەن، بەجۆرێك باجگەی پەیکوڵی کە دەکەوێتە نێوان هەردوو چیای گوڵان و زەردە لە ناوچەی بەرکەل، کە لە کۆتاییەکانی حکومڕانی عوسمانییەکاندا دروستکراوە، وەك شوێنێك بۆ وەرگرتنی باج لەوکاروان و خێڵانەی بەناوچەی پەیکۆڵیدا تێپەڕیبوون، هەروەها بۆ چاودێریکردنی سەلامەتی قافلە بازرگانییەکان بووە، هەروەها وەك بنکەیەکی ئێشکگری پاسەوان بەکارهێنراوە. ســـەبارەت بە هەڵکۆڵراوی دەربەند بێلوولە بەشـــێك لە ناوچە شـــاخاوییەکانی ســـنورەکەدا بوونی هەیە، ئاماژەیە بۆ بوونی دەســـەڵاتیان لەو ناوچانەدا، کە بڕوا وایە لەلایەن ئەکەدییەکانەوە چوار هەزار ســـاڵ پێش ئێســـتا هەڵکۆڵرابێت، شـــێوازی پەیوەندی نێوان


بەرزی و نزمی ڕووی زەوی ناوچەکە بەو دوو شوێنەوارە مێژوویەوە ئەوەیە کە بەشێك لەو گەشتیارانەی ڕوو لە ناوچە شاخاویەکان دەکەن بە تایبەت گروپە شــاخاوانییەکان و گەشــتیارە ســەرکێشــەکان ئارەزوو دەکەن ســەردانی ئەو شــوێنەوارە مێژوویانەش بکەن، بەتایبەت هەڵکۆڵراوی دەربەند بێلوولە، کە دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوی سەختەوە.

## سێیەم/ دەرامەتی ئاو

مەبەســت لە دەرامەتی ئاو، هەریەکە لە ئاوی ســەر زەوی و ژێر زەوی و دابارین دەگرێتەوە. دەرامەتی ئاو پەیوەندییەکی توند و بەهێزی لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی گەشتوگوزاردا هەیە، ئەم پەیوەندییە لەڕێگەی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەرامەتی ئاو لەسەر چالاکییە گەشتوگوزارییەکانەوە دەردەکەوێت، بەجۆرێك بەشێکی زۆر لە چالاکییە گەشتوگوزارییەکان ڕاستەوخۆ بەستراون بە دەرامەتی ئاوەوە، وەکو (دیمەنە جوانەکانی بەفر و گەڕان بەناویدا و ئەنجامدانی خلیســکان لەســەر بەفر و مەلەکردن و ســەوڵ لێدان و ڕاوەماسی و گەشــتوگوزاری چارەســەری و .. هتد) ئەمە لەلایەك، و لەلایەکی ترەوە کاریگەری ناڕاســتەوخۆی دەرامەتی ئاو لەســەر گەشــتوگوزار پەیوەســتە بە جوانکردنی سروشــت و بەرهەمهێنانی بەرووبوومی کشــتوکاڵی و پیشــەســازی و دابینکردنی پێداویســتی ڕۆژانەی ناوەندە گەشــتوگوزارییەکان و گەشــتیاران لەئاو، ئەمە جگە لە پەیوەندی نێوان گەشتوگوزار و دابارین(توفیق، 2013، ل42).

ئیدارەی گەرمیان تاڕادەیەك دەوڵەمەندە بە هەرسێ جۆری دەرامەتی ئاویی (دابارین، ئاوی ســەر زەوی، ئاوی ژێر زەوی) بەتایبەت ئاوی ســەر زەوی نەخشەی (4). سەبارەت بە دابارین ساڵانە بڕێکی باش بەتایبەت لەبەشی باکوری ناوچەکە باران دەبارێت وەك پێشتر ئاماژەی بۆکراوە، هەندێکجار بەفر بارینیشی- لەگەڵدایە، ســەبارەت بە ئاوی ســەر زەوی هەریەکە لەڕووباری ســیروان کە درێژییەکەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکاتەە (121,63)کم لەگەڵ لقە ڕووبارییەکانی هەواســان و قۆرەتوو و ئاوەســپی ســەرچاوەی ئاویی هەمیشــەیین لەناوچەکەدا، کە ژمارەیەکی زۆر لە گەشــتیارانی ناوچەکە و دەورەبریش ڕوویان تێدەکەن، بەتایبەت ڕووباری ســیروان کە ژینگەیەکی سروشــتی لەباری بۆ گەشــتوگوزار خوڵقاندووە، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی هەندێك چالاکیی گەشــتوگوزاریی و کات بەســـەربردن، وەك مەلەکردن و ڕاوەماسی و بەکارهێنانی بەلەمی ماتۆڕ و پێشتبڕکێی تواناى پەڕینەوەی ئۆتۆمبێل و .. هتد وێنەکانی (10).

نەخشەی (4) دەرامەتی ئاوی سەر زەوی لە ئیدارەی گەرمیان




ســەرچاوە/ کاری توێژەران لەڕێگەی بەکارهێنانی پرۆگرامی (Arc Map GIS 10.8.1)، و بە پشــت بەســتن بەفایلی مۆدێلی بەرزی و نزمی (DEM-12.5m)ی ناوچەی لێکۆڵینەوە.

وێنەکانی (10) ئەنجامدانی هەندێك چالاکی گەشتوگوزاری لە ڕووباری سیروان لە سنوری ئیدارەی گەرمیاندا



وێنەکان وەرگیراون.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دەرامەتی ئاوی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەگەڵ شوێنەوارەکاندا، پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ ئاوی سەر زەویدا خۆی دەبینێتەوە، بەشێکی زۆری دانیشتووانی ناوچەکە و گەشتیارانی دەوروبەر، لەکاتی گەشتکردنیان بۆ سەر ڕووی سیروان دەتوانن بەکاتێکی کەم بگەنە بەشێکی ناوچە شوێنەوارییەکانی نزیك ڕووباری سیروان، چونکە بەشێك لە ناوچە شوێنەوارییەکانی ئیدارەی گەرمیان کەوتوونەتە نزیك ڕووباری سیروانەوە، لەنموونەی ئەوانە، قەڵای شێروانە و قوولەکانی عوسمانی و کۆشکی محمود پاشا و جوگەی گاوڕی. هەروەها بەشێك لەو گەشتیارانەی کە سەردانی دەریاچەی باوەشاسوار دەکەن، هەرچەندە دەریاچەکە دەستکردە، بەڵام لەبنەڕەتدا لەئەنجامی گلدانەوەی ئاوی ڕێڕەوێکی ئاوی سروشتییەوە دروستبووە، کە ئەویش چەمی باوەشاسوارە، هەرچۆنێك بێت بەشێکی زۆری ئەو گەشتیارانەی ڕوو لە دەریاچەی باوەشاسوار دەکەن، بەهۆی نزیکیان لە شوێنەوارەکانەوە سەردانی ئەو شوێنەوارانەش دەکەن، کە بەشێکیان دەکەونە سەر ڕێگای دەریاچەکەوە.

## ئەنجام

1 ) شوێنی جوگرافی ئیدارەی گەرمیان بایەخێکی گەشتوگوزاریی گرنگی هەیە، چونکە ناوچەکە کەوتۆتە ڕێگای گوزەرکردنی ئەو گەشتیارانەی لە ناوەڕاست و باشوری عێراقەوە دێن بۆ پارێزگای هەڵەبجە و سلێمانی دەڕۆن، لەلایەکی ترەوە هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران چەند پارێزگایەکی تری هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا، بەمەش بەشێك لەو گەشتیارانە سەردانی شوێنەوارە مێژوویەکانی ناوچەکە دەکەن، کەواتە پەیوەندی بەهێز لەنێوان شوێنی جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکاندا هەیە.

2 ) لەڕووی بەرزی و نزمییەوە پەیوەندییەکی مامناوەند هەیە بەرزی و نزمی ناوچەکە و ناوچە شوێنەوارییەکاندا، چونکە تەنها دوو شوێنەوار دەکەونە ناوچە شاخاوییەکانەوە، زۆربەی شوێنەوارەکانی تر دەکەونە ناوچە دەشتاییەکانەوە.

4 ) لەڕووی دەرامەتی ئاوییەوە بەتایبەت ئاوی سەر زەوی، پەیوەندی بەهێز هەیە لەنێوان سەرچاوەکانی ئاوی سەر زەوی و ناوچە شوێنەوارییەکاندا، چونکە زۆرترین ناوچە شوێنەوارییەکان دەکەونە لێوار ڕووباری سیروان و بەشێکیشیان دەکەونە شاری کفری واتا نزیك دەریاچەی باوەشاسوارن.

## پێشنیار

1 ) گرنگیدان بە ناوچە گەشتوگوزارییە شوێنەوارییەکان و پاراستیان لە پیسبوون و تێکچوون.

2 ) دروستکردنی نەخشە و ڕێبەری تایبەت بە ناوچە گەشتوگوزارییەکان بەتایبەت ناوچە شوێنەوارییەکان، ڕیکلامکردن بۆیان، بۆئەوەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی گەرمیان بناسرێنرێت.

3 ) نۆژەنکردنەوەی بەشێك لەو شوێنەوارانەی کە مەترسی لە داڕمان و ناوچوونیان هەیە.

## سەرچاوەکان


1. ازاد محمد امين، المقومات الجغرافية الطبيعية لنشوء وتطور السياحة في منطقة الجبلية في العراق (مقدمة في الجغرافية السياحية مع دراسة تطبيقية عن القطر العراقي)، الطبعة الاولى، المطبعة بلا، 1980.
2. الحسني، فاضل، مهدي الصحاف، 1990، *أساسيات علم المناخ التطبيقي*، الطبعة الاولى، بغداد، مطبعة دار الحكمة.
3. خالد ولي علي، المقومات السياحية في منطقة (گەرميان) وافاقها المستقبلية (دراسة في جغرافية السياحة)، رسالة ماجستر (غير منشور)، جامعة گرميان، كلية العلوم الانسانية والرياضة، 2014.
4. ڕێباز لقمان مصطفى، دەستنیشانکردنی گونجاوترین شوێن بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی هەورامان، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2024.
5. ڕێباز لوقمان مستەفا، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای پێنجوێن بە بەکارهێنانی GIS، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2016.
6. شیروان عمر رشید، بنەما جوگرافییەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانیدا، تێزی دکتۆرا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2011.
7. عادل سعيد الراوي، قصي عبدالمجيد السامرائي، المناخ التطبيقي، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، بغداد، 1990.
8. علي حسين شلش، مناخ العراق، ت: ماجد السيد ولي محمد، عبدالاله رزوقي كربل، جامعة بصرة، البصرة، 1988.
9. علي موسى، الوجيز في المناخ التطبيقي، الطبعة الاولى، المطبعة الدار الفكر، دمشق، 1983.
10. لینا جلال قادر، توانستە جوگرافییەکانی پلاندانان و پەرەپێدانی گەشتیاری لە قەزای قەرەداغدا، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2024.
11. محمد وتمان محمد، بنەما جوگرافییەکانی پلاندانانی گەشتیاری لە قەزای شارباژێر، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2015.
12. هاشم یاسین وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تینووس، چاپی یەکەم، 2009.
13. هدى صباح نجم الدين، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافییەکانی گەشتوگوزار لە قەزای شەقڵاوە، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات، 2012.
14. هێمن نەسرەدین محەمەد ئەمین، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، 2024.
15. هەڵبەست عبدالرحمن توفيق، توانستە جوگرافییەکانی گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزاری لە قەزای مێرگەسۆر، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئەدەبیات، 2012.
16. ئامانج جلال احمد، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای دوکان، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی پەروەردە، 2015.
17. ئیدارەی گەرمیان، نەخشەی نشینگەکانی ئیدارەی گەرمیان، بەشی هونەری، 2018.
18. وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی سلێمانی، بەشی کەشناسی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥.
19. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی گەرمیان، بەشی کەشناسی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠٢٥.
20. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، دەستەی گشتی گەشتوگوزار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان، چاپی یەکەم، 2015
21. Gearing, C.&Swart, W. "Planning for Tourism development", New York.1976. P 98

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-10

# A Geographical Analysis of the Spatial Relationship Between Natural Features and Historical Landmarks in the Garmian Administration
## (A Study in Tourism Geography)

**Hemin Nasradin Muhameedamin[1] ,Jaza Tofiq Talib[2]**
**Ako Hameed Mala Qadir[3] ,Hiwa Anwar Mohammed[4]**

1- Department of Geography/ College of Education/ Garmian University/ Kurdistan Region – Iraq
2-Department of Geography/ College of Z. Humanities/ Sulaimani University/Kurdistan Region – Iraq
3-Garmian Education Directorate / Kurdistan Region – Iraq
4-Department of Geography/ College of Education/ Garmian University/ Kurdistan Region – Iraq

| Article Info | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

**Physical features, historical landmarks, tourism, Garmian Administration.**

**Corresponding Author**

hemin.nasraldin@garmian.edu.krd
jaza.talib@univsul.edu.iq
akohameed89@gmail.com
hiwa.anwar@garmian.edu.krd

**abstract**

This research is conducted in tourism geography and presents the Physical potential of tourism development in the Garmian administration. Garmian is located in the southeastern Kurdistan Region, in a semi-mountainous region, bordered by Sulaimani province in the north, Halabja province in the northeast, Kirkuk province in the northwest, Salahaddin province in the west, Diyala province in the south and southwest, and the international border of Kermanshah province of Iran from the east for a length of 122.5 km. The aim of this study is to highlight the spatial relationship between certain natural features and historical landmarks within the Garmian Administration for tourism activities, along with how they can be utilized and developed in order to attract a greater number of tourists to the region, particularly from Central and Southern Iraq. Based on the objective of this research, several conclusions were reached, the most important of which is that the geographical location of the Garmian Administration has significant tourism potential. It possesses a strong hydrological connection with the region's historical landmarks. However, the area's elevation and topographical variation play a central role in relation to the region's historical sites